# شەونم

هۆنراوەی (97)

**لبش می بوسم و در می کشم می**

دولێوی ماچ دەکەم جا لێدەدەم مەی
بە کانیاوی ژیانم بردووە پەی
نەدەتوانم بڵێم رازی لە کن کەس
نەدەتوانم ببینم کەس لە دەورەی
دڵی پڕ خوێنە بۆ ماچی دەمی، جام
هەتاکوو رووی دەدی گوڵ دەیکوت ئۆخەی
لەخەڵوەت دەرکەوت گوڵ هاتە باغی
ئەتۆش وەک خونچە زوهدت خڕکەوە دەی
مەکە یادی جەم و مەی بێنە جامێ
کە نامەعلوومە جەم کەی بووگە کەی کەی
وەرە و موتریب بڕووشێنە رەگی چەنگ
هەتا ئەمنیش چریکەم بێ و بڵێم وەی
خومارم بۆ دەکەی وەک چاوی مەستی
بەیادی لێوی لەعلی بمدەیە مەی
جیا نابێتەوە گیانم لە نێو لەش
کە نادا مەی لە نێو جامی رەگا پەی
دەمێ حافز زمانی خۆ گرێ دە
وتاری بێ زمان ببیە لەدەم نەی

حافزی حەقیقی